کوردستان

لە پێناو دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستاندا

ژمارە [۴۴]

پارتی ئازادیی کوردستان دەری دەکا

NO:(44)

هێزەکانی ئەمریکا لە عەمەلیاتێکدا کە ناویان نابوو «ئاخوندەک»، لە چەند سەعاتێکدا هێزێکی دەریایی کۆماری ئیسلامیان تەفرووتوونا کرد

ل٣

گاڵتەجاڕیی لە شانۆگەریی هەڵبژاردندا

ل٤



فاکتەری سایکۆلۆژی لە قەیرانی ئابووری ئێراندا

ل٤

لە جەرگەی قەیرانەوە بەرەو کوودەتایەکی دیکە

ل٥

لەیلا زانا: دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ بە رێبازی سەدام کۆمەڵگەی کوردی بچەوسێنێتەوە

لە بەرانبەر هێرشکردنە سەر ماڵەکەی و نوسینگەکەی، لەیلا زانا، پەرلەمانتاری پارتی ئاشتی دیموکراسی لە پەرلەمانی تورکیا،٢٤ی بەفرانبار (١٤ی ژانویەی ٢٠١٢)، رایگەیاند: «ئەوە بەو واتایە دێ کە دەیانەوێ ببن بە ئیمپڕاتۆری ترس و بە رێبازی سەدام کۆمەڵگەی کوردی بچەوسێننەوە».

زاگرۆس تی.ڤی. گواستیەوە کە، لەیلا زانا، لە فرۆکەخانەی ئەستەمبوڵ، بە رۆژنامەنووسانی وتوە: «دوای هەڵبژاردنەکان، هەموو هیواکان بۆ ئاشتی لەباربران، ئەمەش هەمووی سەرۆک وەزیران لێی بەرپرسە«. ئەو پەرلەمانتارەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی ئاماژەی بەوە دا: «ئەوان لەگەڵ ئەم ئەزموونە ژیاون و پێویست ناکا دەوڵەت رێگای زیندانیان نیشان بدا». وتیشی: «باشتر وایە کە بیر لە چارەسەری بکەنەوە. چەک ئاسایش نییە، بەڵکو یاسا ئاسایشە«.

لەیلا زانا هێرشکردنە سەر ماڵەکەی بە شەرم بۆ دەوڵەتی تورکیا وەسف کردو وتی: «من هیچ شتێکی شەخسیم نییە. فەرموون لە ماڵەکەم بگەڕێن». ئەم لێدوانەی لەیلا زانا لە کاتێک دایە کە هێزە ئەمنیەکانی تورکیا دەستیان کردووە بە دەستگیرکردنی چالاکوانان و سیاسییە کوردەکانی ئەو وڵاتەو تاکو ئیستا، زیاتر لە (٣٥) کەسیان دەستگیرکرد، کە زۆربەیان سەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP)ەن. هاوکات پۆلیسی تورکیا دووجار هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی لەیلا زانا بەمەبەستی دەستگیرکردنی، بەڵام ناوبراو نەکەوتۆتە دەست هێزەکانی تورکیا.

ئێرانی ئەتۆمی تەنها کێشەی ئیسرائیل نییە، بەڵکوو کێشە هەموو وڵاتانی جیهانە

سەرۆک کۆماری ئیسرائیل رۆژی هەینی ٩ی بەرانبار (٣٠ دێسامبر)، رایگەیاند کە وڵاتانی رۆژ ئاوایی دڵنیایان کردووم ناهێڵن ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگا.

ناوبراو لە درێژەدا وتی نیکۆلاس سارکۆزی و ئانجێلا مێرکێل و باراک ئۆباما دڵنیایان کردووم ئیزن نادەن ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگا.

لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە سووریە دا و وتی لە رووخانی دەوڵەتی سووریە تەنها هاوپەیمانەکانی تووشی زیان دەبن. پرێس ئاماژەی بەوەشدا کە کاتەکانی دەسڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆم بەرەوە کۆتایی دەچن.

لە هەولێرەوە نامەیەک ئاڕاستەی ئەردۆغان دەکرێ

رۆژی سێ شەممە ١٣ی بەفرانبار (١٣ی ژانویەی ٢٠١٢)، فیدراسیۆنی رێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان بە نوێنەرایەتی ٢٠٠ رێکخراوی ناحکومی سەردانی کونسوڵخانەی تورکیایان کرد لە هەولێر و نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەکرد.

لەوبارەیەوە عەدنان ئەنوەربەگ سەرۆکی فیدراسیۆنی رێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان بە رادیۆ نەوای راگەیاندوە:

ئێمە چەند رێکخراوێک بە نوێنەرایەتی ٢٠٠ رێکخراوی ناحکومی سەردانی کونسوڵخانەی تورکیامان کرد لە شاری هەولێر و نامەیەکی نوسراومان ئاڕاستەی رەجەب تەیب ئەردۆغان کرد سەبارەت بە ئیدانە کردنی ئەو قەسابخانەیەی لە چەند رۆژی رابردوو دا لە ناوچەی شیرناخ روویدا، لە نامەکەدا بە توندی ئەو کردەوەیەمان ئیدانە کرد.

فەڕەنسا: ئێران چەک و تەقەمەنیی دەگەیەنێتە سووریا

وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا باس لە ئاشکرابوونی کۆمەڵێک بەڵگەنامە دەکا کە دەیسەلمێنێ ئێران چەک و تەقەمەنیی بۆ حکوومەتی سووریا ناردووە.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا (رۆمەن نادال) لە لێدوانێکدا رایگەیاند پسپۆڕانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵێک بەڵگەیان دەست کەوتووە کە نیشاندەدات ئێران چەک و تەقەمەنیی گەیاندووەتە حکوومەتی سووریا.

ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس لە زمانی (نادال)ـەوە نووسیویەتی ئەو تیمە پسپۆڕە، بەڵگەکانیان گەیاندووەتە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەم بەڵگانە دەیسەلمێنێت ئێران گەمارۆ سەربازییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش دژی سووریای شکاندووە و پێشێلی کردووە.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا هەروەها ناردنی چەک و تەقەمەنیی بۆ سووریا بە کارێکی نایاسایی و زۆر کارەساتبار وەسف کردووە و دەڵێت حکوومەتی سووریا ئەو چەکانە بۆ سەرکوتی خەڵکەکەی بە کار دەهێنێت کە بە بڕوای نەتەوە یەکگرتووەکان بە «تاوان دژی مرۆڤایەتی« دێتە ئەژمار.

پێشتریش ئەمریکا رایگەیاندبوو ئێران چەک و تەقەمەنیی پێویستی سووریا بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران و نەیارانی (بەشار ئەسەد) دابین دەکات و فەرماندەی سوپای قودس (قاسم سلێمانی) لقی سوپای پاسداران لە دەرەوەی وڵات بە بەرپرسی گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بۆ سووریا ناو براوە.

سەلاحەدین دەمیرتاش:
دەسەڵاتی تورکیا کوشتنی کوردی بەلاوە گرنگ نییە

دەمیرتاش٢٠١٢/١/٣ رایگەیاند، دەسەڵاتی تورکیا ئەوەندەی لێدان و بریندارکردنی قائیمقامی «ئولۆدەرە«ی بەلاوە گرنگە، کوشتنی زیاتر لە «٣٥» کوردی بێ تاوانی بەلاوە گرنگ نییە.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (ئەکشام) ی تورکی، سەلاحەدین دەمیرتاش رایگەیاندووە، تورکیا دەیەوێ تۆمەت بخاتەپاڵ «حەسیب کاپلان» و تۆمەتباری بکا بەهەرەشەکردن لەحکومەت، بەڵام بەرپرسانی «بەدەپەو کاپلان «یش لەهەوڵی پاراستنی قائیمقام و هێمنکردنەوەی باردۆخەکەو ئارامکردنەوەی ئەو گەنجانەن کە بەخۆرایی کەسوکارییان بووەتە قوربانی.

وتیشی:»وادەردەکەوێ دەسەڵاتی تورکیا هێندەی گرنگی بەلێدان و بریندارbوونی قائیمقامێک دەدات، هێندە گرنگی بەو ٣٥ کوردە کوژراوە نادات کە بەهێرشێکی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا کۆمەڵکوژ کرانو لەناوچوون».

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا، تورکیا بەشێوەیەک رەفتار دەکا کە ئەو کۆمەڵکوژییەکەی ئەنجام نەداوە و پشتگوێی خستووە، لە کاتێکدا هێرشکردنە سەر قائیمقامی ئولۆدەرە، ئەوانی تووشی شۆککردووە و رووداوێکی چاوەڕواننەکراو بوو، بۆیە زۆر نیگەرانن لە و رووداوە و هیوادارن، جارێکیتر رووداوی لەو شێوەیە دووبارە نەبێتەوە، چونکە ئەوان لەگەڵ شەڕو توندوتیژیدا نین.

بێکاری لاوان لە ئێران گەیشتووەتە ٢٦ لەسەد

رۆژی دووشەممە ٢٦ بەفرانبار (١٦ ژانویە) رۆژنامەی «ابرار اقتصادی» لە ناوەندی ئاماری ئێران گواستەوە کە رێژەی بێکاری لە نێوان لاوانی ١٥ تا ٢٤ ساڵە لە ئێراندا، نزیکەی ٢٦ لەسەدە.

بەپێی راپۆرتی ئەم رۆژنامەیە، لە کۆی ٣١ پارێزگا لە ئێرانە، ١٠ پارێزگا خاوەنی لاوانی بێکاری سەرووی ٣٠ لەسەدن.

لە بەشێکی دیکە لە راپۆرتەکەیدا ئەم رۆژنامەیە نووسیویەتی: میانگینی رێژەی بێکاری بە شێوەی گشتی لە پارێزگاکانی ئێراندا پتر لە ٣٠ لەسەدە و لە ١٦ پارێزگادا ئەم رێژەیە ٤٠ لەسەد راگەیەندراوە.

سەرۆکی نوێی پەرلەمانی ئەوروپا هەڵبژێردرا

رۆژی ٢٧ی بەفرانبار (١٧ی ژانویەی ٢٠١٢)، مارتین شۆڵتز»ی ئەڵمانی وەک سەرۆکی نوێی پەرلەمانی ئەوروپا هەڵبژێردرا.

بەپێی هەواڵێکی «یۆرۆنیوز»، هەڵبژاردنی شۆڵتز پێشتریش پێشبینیی بۆ دەکرا. مارتین شۆڵتز سەرۆکی گروپی سۆسیالیستی دەستە راستییە میانەڕەوەکانی پەرلەمانی ئەوروپایە و لە کۆی ٦٧٠دەنگ، ٣٨٧دەنگی بەدەست هێنا.

رێککەوتنی نێوان دوو گروپی سۆسیالیستەکان و دیموکرات مەسیحییەکان، سەرکەوتنی شۆڵتزیان مسۆگەر کردبوو.

سەرەڕای ئەوەش، سەرکەوتنێکی زۆر بەرچاوی نەبوو و «دایانا ڤالیس» و «نیرژ دیڤا»ی بەریتانیایی، دوو رکابەرە سەرەکییەکەی، هەریەکە و ١٤٠دەنگیان بەدەست هێنا.

شۆڵتز جێگەی «یێرژی بوزک» دەگرێتەوە کە دوو ساڵ و نیو سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا بوو.

دەوڵەتانی کەنداو خۆیان بۆ شەڕێکی چاوەڕوان کراو لە دژی ئێران ئامادە دەکەن

٢٠١٢/١/٨، هەواڵنێریی فەرانسە لە راپۆرتێکدا نووسیویەتی، دەوڵەتانی کەنداو خۆیان ئامادە دەکەن بۆ شەڕی نەخوازراوی ئەمریکا و ئێران ئەم دەوڵەتانە کە چەن میلێک لە ئێرانەوە دوورن، بە پەژارەوە چاوەڕوانی شەڕی نێوان دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئێرانن.

پسپۆڕێکی بواری نیزامی دەڵێ وڵاتانی کەنداو خوازیاری هەڵگیرسانی شەڕ نین، لە کاتێدا هەموویان خۆیان ئامادە کردووە بۆ شەڕێک کە چاوەڕانی دەکرێ رووبدا.

هەروەها ئەو پسپۆڕە رایگەیاندووە لە کاتێکدا تاران وڵاتانی عەرەبی لە کەنداو بکاتە ئامانج، ئەم دەوڵەتانە کە هاوپەیمانی واشینگتۆنن، ئەو وڵاتە رووبەرووی شەڕ لەگەڵ ئێران دەکەنەوە.

رووسیە: مەبەست لە گامارۆ نوێیەکان، خنکاندنی ئابووریی ئێران و هەڵگیرسانی ناڕەزایەتی نێوخۆییە

سێرگی لاورۆف، وەزیری دەرەوەی رووسیە دەڵێ ئامانج لە گەمارۆوە نوێیەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی، «خنکاندنی» ئابووریی ئێرانە بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ناڕەزایەتی گشتی لە نێو ئەو وڵاتەدا و ئەم گەمارۆیانە دەتوانێ گورزێک لە خەڵک بدا.

رۆژی چوارشەممە ٢٨ بەفرانبار (١٨ ژانویە)، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە مۆسکۆ، لاورۆف هۆشداریی لەمەڕ سزادانی کەرتی نەوتی ئێران دا و گوتی کە ئەم هەنگاوە دەتوانێ رێگە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی ناوکی ئێران لە رێگەی وتووێژەوە بگرێ.

ناوبراو رایگەیاند: ئەم گەمارۆیانە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ پەرەدان بە مەسەلەی بەرگرییکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکە ناوکییەکان نییە. ئامانج لەوە، خنکاندنی ئابووریی ئێران و تەحریکردنە بە مەبەستی دروستکردنی ناڕەزایەتی گشتی لەو وڵاتەدا.

لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا وەزیری دەرەوەی رووسیە هەرجۆرە هێرشێکی نیزامیی بۆسەر ئێران بە «مەترسییەکی توند» زانی و گوتی کە ئەمجۆرە هەنگاوە، کاردانەوەگەلی زنجیرەیی بە دواوە دەبێ و من نازانم ئەم رەوەندە لە کوێدا کۆتایی دێ.